# زلپارتەکان هەموو شتیان بۆ داگیرکەران کرد، تۆ بڵێی بۆ ئەمریکا چی بکەن!

هشام ئاکرەیی

بەر ئەوەی برۆمە ناو بابەتەکە دەمەوێ بڵێم، من لەگەڵ هاوکاری کوردم لە گەڵ ئەمریکا و دژی ئەو پەیوەندیانە نێم ئەگەر بە شێوەیەکی مودێرن ویاسایانە پارتە کوردستانیەکان مۆربکەن لەگەڵ ئەمریکادا. هەر هێچ نەبێ سەربازی ئەمریکی یەک خولەک بێ دەنگی لە سەر ڕۆحی شەهیدانی کوردستان و ئەنفالکراوەکان ڕاوەستاون. ئەو شەهیدانەی بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان کوژراون. ڕەخنەم لە سەر شێوەی پەیوەندیە چونکە مێژوی پەیوەندی زلپارتەکانمان لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر جێگای متمانە نیە.

بوونی باشوری کوردستان بە هەرێمێکی گرنگ لە ڕۆی جیوپۆلیتیکیەوە وکەوتنی بە ناو ئەڵقەی ستراتیجی ئەمریکا، یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان، کە کورد و بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان دەتوانن گرەوی سیاسی لە سەر بکەن. بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا چارەنووسی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانەوە ببەسترێت. لە بەر یەک هۆی هەنووکەیی، ئەویش دژایەتیکردنی هەموو وڵاتانی ناوچەکەیە بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا. ئێران، تورکیا، سوریا وعێراقی عەرەبی بۆنەتە دۆژمنی سەرسەختی ئەمریکا و ئیسلامی توندڕێیان پەسەندکردوە وەک شێوەیەک بۆ لەناوبردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. ئەوە بێجگە لە وڵاتانی کەنداو و ئەفغانستان و پاکستان و چەندین وڵاتی تری عەرەبی. ئەم هاوکێشەیە هەلکەوتێکی هەنووکەیی یە و لەوانەیە زووزوو بگۆڕدرێ. بۆیە ئەگەر کورد بە شێوەیەکی باش و ژیرانە ئیستغلال و بەکانەهێنێت، ئەوە هەموو دەستکەوتەکان لە دەست دەدەرێن وئەو وڵاتەی خەریکە بێتە سەر نەخشەی جیهان دەسڕێتەوە و خەونی مەلیۆنەها کوردستانی دەبێ بە مۆتەکە و کابووس.

پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا شێوەیەکە لەو پەیوەندیە یاسایی و ئاسایی یانەی، دیبلوماسی و سیاسی و سەربازی نێوان دوو وڵات. ئەو پەیوەندیانە بەشێوەیەکی مودێرن دروستکراون و هەر لە بەر ئەوەش درێژخایەن و ستراتێجین و باشەڕۆژی هەرێمەکە بەستراوە بەو پەیوەندیە. لەدوای بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە تێکچووە و ئەمریکا پێویستی بە ئەکتەرێکی ترە تاوەکوو زاڵ بێ بەسەر هەرێمەکە. بەر لە ئێستا ئەمریکا ئومێدی بە تورکیا هەبوو. بەڵام لەدوای بڵاوبوونی ئیسلامی سیاسی و کێشەکانی تری تورکیا لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێرێ. تەنیا گەل، لەو ناوچەیە پێویستی بە ئەمریکا بێت، گەلی کوردە. تەنیا گەل تاوەکو ئێستا ئامادەبێ هاوکاری لە گەڵ ئەمریکا بکات هەر کوردە. واتە بەهەمان شێوەی ئیسرائیل وئەمریکا، کورد و ئەمریکاش پێویستی بە یەکتریانە و دەتوانن هاوپەیمان بن. لێرەدا بەگرنگی دەزانم باس لە هەڵوێستی پارتە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئیسرائیل دەربارەی ئەو پەیوەندیەی ئێسرائیل هەیەتی لە گەڵ ئەمریکا، بیزانین. هەڵبەتە ئەگەر پەیوەندی نێوان ئیسرئیل و ئەمریگا نەمێنێ، لە دوای کاتێک ئیسرائێل لەناو دەچێ و جوولەکەکان ئەنفال دەکرێن بە دەستی ئیسلامیەکان. هەر لەبەر ئەوەش ئەوانەی دژی هەبوونی پەیوەندین نێوان ئیسرائیل و ئەمریکان لە ناو جوولەکەکاندا، زۆر کەمن. هەمان شت بۆ کوردیش دەبێت. بەڵام ئەم بوونە پەیوەندی بە سیاسەتی زلپارتەکان و گەلی کوردستانەوە هەیە. سیاسەتی زلپارتەکانیش لە ژێر پرسیار و جێگای گومانە لە بەر چەند هۆ:

تاوەکۆ ئێستا زلپارتەکانمان وەک ئەکتەرێک و لایەنێکی سەربەخۆ کاریان نەکردوە. بەردەوام گوێ ڕایەڵی وڵاتانی دەوروبەر بوونە و تاوەکۆ چەند مانگ بەر لە ڕۆخانی سەددام پەیوندیان هەبوو لە گەڵی. پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئێران و تورکیا باشترین نموونەی ئەو شێوەیەن. سەربازێکی تورک یان

باسدارێکی فارس و ئێرانی دەسەڵاتی هەبوو بە سەر ئەو پارتانە. شێوەی مامەڵەکردنیان لە کەڵ تورکیا وئێران و سەددام، کارێکی گەورەی کردوە سەر باری دەرۆنی ئەو زلپارتانە و ناتوانن لەو چوارچێوەیە و قاڵبە دەرکەون.

جۆرێکی تری پەیوەندی، پەیوەندی ئەو پارتانەبوو لە گەڵ ئیتلاعات وساڤاک و میت و موخابەرات. نەک بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەرێگای کەناڵی دیبلوماسی. ئەمە وای کردوە کە فێری پیلان و پیلانگێڕی بن. واتە بە شێوەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ڕۆداو نەکەن. هەر لەبەر ئەوەش یان هەموو داواکاریەکانی داگیرکەران جێبەجێ دەکەن و لەجیاتی داگیرکەران شەریشیان کردوە. بەم شێوەیە لایەنی کوردی ئامادەبوە نەک تەنیا بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی دەوروبەر بپارێزن، بەڵکوو ئامادەن شەڕیش لە جیاتی ئەوان بکەن دژ بەکورد.

زلپارتەکانمان ئامادەبوون بەو شێوەیە خزمەتی داگیرکەران بکەن. ئەو داگیرکەرانەی کوردیان دەکوشت و ئامادەنەبوون یەک مافی بچووک بدەن بەکورد. تۆ بڵێی بۆ ئەمریکا چی بکەن. ئەو ئەمریکایەی ئامادە چەندین مافی گەلی کوردستان دابین بکات و هەندێ سەرچاوە باس لە رازی بوونی ئەمریکا دەکەن لە سەر دروستکردنی وڵاتی کوردستان.

تاوەکو ئێستا زلپارتەکانمان بە هەمان شێوەی مامەڵە کردنیان لە گەڵ داگیرکەران، مامەڵە لە گەڵ ئەمریکاش دەکەن. بە بێ ئەوەی ڕەچاوی جیاوازیەکانی نێوان ئەمریکا و داگیرکەران بکەن. هەربۆیە دەبێ دەستپاکانە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکرێت. ئەمە واتای ئەوە نیە کە لەوانەیە ئەمریکا پاشگەزبێتەوە لە هەموو نیازەکانی. چونکە هەڵوێستی ئەمریکا پەیوەستە بە بارودۆخی ناوچەکە نەگ بۆ چاوڕەشی کورد.

کێ دەڵێت ئەمریکا پێویستی بە نۆکەرە، یان هەر نۆکەری دەوێت. ئەمریکا یاریکەرێکی زانا و باشتر لە ئیسرائیلی دەوێت پێویستی بە چەپڵە لێدەرێک نیە. ئەمریکا زلپارتێکی دەوێت وەک ئەو باوەڕی بە دیموکراسی ڕۆژئاوایی بێت. نەک بە دکتاتوور و موسڵمانێکی توندڕێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت